کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:35 15-2-2007

# ڤالانتاین و تەرمی ئەو کچەی لە زبڵخانە فڕێیان دا ... کارزان حەیدەر



سەیرم پی دی، میدیاکانی لەمەڕ خۆمان بۆ هێندە دەیانەوی تەقلیدێکی نادروستی میدیاکانی جیهانی و ئەوروپی بکەن؟ دەیانەوی وا نیشانی بدەن ئیتر رۆژێکی هێندە زۆری نەماوە کۆمەڵگای کوردیش بە کۆمەڵگای پێشکەوتوو و شارستانی ئەوروپا بگات!!!

ئەوەی پتر سەیرم پێهات رۆژی ڤالانتاین بوو، میدیاکانی کوردستان کەوتبوونە خۆ یەك کۆمەڵە بەرنامەی پڕ نا ڕاستیان پێشکەش بەو هەموو کچ و کوڕە عاشقانەی کوردستان کرد کە هەندێکیان هەر بی ئاگا بوون لەو جەژنە، هەندێکیش دوور لە چاوی باوك و برا و دایك و کۆمەڵگا دڵ ڕەقەکانیان بۆ خۆشەویستەکەی خۆیان دەگریان، سەیرم پی دەهات کە وێنەی خۆ ئامادەکردنەکانی گەنجانی ئەو وڵاتانەم دەبینی بۆ ئەو رۆژەو گەنجانی خۆشمان کە نەیان دەزانی چۆن بە خۆشەویستەکانیان بڵێن لە هەموو رۆژەکان زیاترو و بەدەر لە هەموو رۆژەکانی دیکە زۆر زیاتر خۆشم دەوێی!!! چونکە زۆر ئەستەم بوو لەو وڵاتە ژوانێك هەبی بۆ خۆشەویستی ئەوان لە (ڤالانتین) یش،

زۆر دیمەنی تاڵ و ویژدان هەژێن لەو رۆژە بەرچاوم کەوتن و گوێم لی بوون، بەڵام ئەوەی کە منی یەکجار بی ئومێدو دڵ تەنگ کرد لەو کۆمەڵگایە کە پێم وایە ئیتر گۆڕانکاریەکی کۆمەڵایتی هێندە ئاسان نییە و بگرە هەر ناشکری تا خاوەنی ئەو کللتورە سەقەتە بین، ، کوشتنی ئەو کچە تەمەن 20 ساڵیە بوو کە لە نێوان کەسنەزان و گوندی پیرەش، لەنزیك هەولێر تەرمەکەیان لە نێو زبڵخانەیەك فڕێدا بوو، پێم وایە ئوتۆمبیلی شارەوانیش ناچێتە ئەو شوێنە چونکە خەڵکی ناوچەکە هەفتەی جارێك ئەو زبڵە دەسوتێنن، ئەگەر تەرمی ئەو کچە ناسکەش نەدۆزرابوایەوە، ئەوە ئیتر لاشەکەی لەگەڵ ئەو پاشماوەو زبڵانە دەسووتاو دەبووە پارچەیەك لە خۆڵەمێش چونکە تەرمەکەی خرابووە ژێر زبڵەکانەوە، ئەوەیە رووی هەقیقەتی ڤالانتاین لە کۆمەڵگای کوردی نەك ئەو رووەی میدیاکان دەیانەوی وا نیشانی بدەن کە ئێمەش پێشکەوتووین ئیتر ئەو سەردەمە تێپەڕی کە ترس لە خێزان و کۆمەڵگا بکەین، باسی ئەو کچە ناسکۆلانەش ناکەم کە ئەو رۆژە دوای ئەوەی لاشەی خۆیان کردە یەك پارچە خەڵوز ئینجا لە نەخۆشخانەکان یان ئەوەتا گیانیان لەدەستدا، یانیش چاوەڕێی مەرگ دەکەن، پێم وایە ئەوە دیاریەکانی کوڕ و کچە گەنجە عاشقەکانی کوردستان بوو بۆ یەکتر، سڵاو لە قەشە ڤالانتاین و هەموو عاشقانی کوردستان و کۆمەڵگای کوردیش!!!!

Karzan-haedar@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.